# خواستی ئازادکردنی زیندانییه سیاسییەکان، خواستێکی هەمەگیری خەڵکی کوردستانە!

بەیانی پارێزەرانی شاری سلێمانیماندەگرن بۆ نمایشکردنی ناڕەزایەتی خۆیان بەرانبەر بە زیندانیکردنی پاریزەر" بەختیار حمەسەعید" ، خویندکارانی زانکۆ لە هەولێر لەبەردەم پەرلەماندا خۆپیشاندانێك ڕێکدەخەن لە پێناو ئازادکردنی زیندانیە سیاسیەکاندا... خواستی ئازادکردنی زیندانیە سیاسیەکان خواستی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانە. خواستی دابینکردنی ئازادی سیاسیو لەوانە ئازادی خۆپیشاندانو مانگرتن، بۆتە داواکاری زۆربەی زۆری خەڵك. دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانی خۆی دووچاری تەنگەژنەیەکی گەورە کردوە بەهۆی هەلسوکەوتو کاری سەگوتگەرانەو زیندانیکردنی خەلکی کوردستان بەهۆی هەلسورانی سیاسیەوە، بۆیە ڕیگا چارەیەك کە هەیە لەبەردەمیدا تەنها ئازادکردنی زیندانییە سیاسیەکانو دابینکردنی داوکارییەکانی خەڵکی کوردستانە.

ئێمە زیندانیکردن لەسەر رەئی موخالیف، خۆپیشاندانو مانگرتن، بە کاریکی دژ بە ئازادی سیاسیی دەزانینو ئیدانەی دەکەینو خواستی خۆمان دەخەینە پال خواستی پاریزەرانی سلێمانی بۆ ئازادکردنی پاریزەر "بەختیار حەمە سەعید"و خۆپیشاندەرانی زانکۆی هەولێر بۆ ئازادکردنی گشت زیندانیە سیاسیەکان. داواکارین کە گشت زیندانە سیاسیەکانی کانی گۆمەو ئاسایشو گەلار دەست بەجێو بێقەیدو شەرت ئازادبکرێن کە تائێستا دەیان کەس لە زیندانەکاندا ماونو لەوانە: ئەندامانی دەستەی داکۆکی لە خواستەکانی خەلکی شاری سلێمانی لەوانە "نەوزاد صلاح بابانو عەلی مەولود..." ئەندامانو هەلسوراوانی دەستەی داکۆکی لەخواستەکانی خەلکی کەلارو چەندین هەلسوڕاوو ڕیکخەری دیکەی ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستانو چەندین ئەندامو هەروەها "کاژاو جەمال" ئەندامی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستان. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەردەوامو بێووچان لە کوردستانو لەدەرەوە تێدەکۆشێت لە پێناو ئازادکردنی زیندانییە سیاسیەکانو دابینکردنی سەرجەم خواستەکانی خەڵکی کوردستان.

**سەرکەوتوبێت بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان لە پێناو**
**دابینکردنی کارەباو سوتەمەنیو ئازادی سیاسیدا**

**ڕێکخراوی کوردستان**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
2006/8/19